
There's More
To Her Story
Than You Ever
Imagined.
Anne Frank
DVD
VIDEO

# یادەوەریی، وەک فۆڕمێکی هونەری باڵا لەنێو سینەمادا

# لەبارەی فیلمی ئانا فرانک

خەندە حەمید

مـن فیلم زۆر سـەیر دەکەم، بەڵام ئـەوە چییە، کە واملێـدەکات لەبـارەی فیلمێکەوە بنووسـم؟ چـی وایلێکردم، کە ئـەم فیلمە هەڵبژێرم، ئەگەر قسـەیەکم هەبێت، لەبارەیـەوە بیکەم؟ داخۆ من چی زیاترم پێیە بیخەمە سـەر ئەو فیلمانەی، کە لەبارەیانەوە دەنووسـم؟ ڕەنگە من زیاتر باس لە کاریگەریی ئەو فیلمانە لەسەر خۆم بکەم. ئەمەش بێگومـان دەبێـت کاریگەریی فیلمێکـی جوان و هزربزوێنی وەک ئانا فرانک بێت.

ئانا فرانک، کاریگەرترین نووسەری یادەوەرییەکانی ژیانـی خۆیەتی. ئەم گرینگـی و کاریگەرییە وای کردووە بچێتە نێو سینەماوە، بەو هۆیەوە بە زۆر زمان و لە زۆر سـەردەمدا، وەک فیلم دەرهێنانی جیاوازی بۆ بکرێت، هەروەها بە چەندین شـێواز، وەک ئەنیمەیشن، دراما و زنجیرەی تەلەفیزیۆنیی ... کاری بـۆ کـراوە، بۆئـەوەی، وەک وانەیەکی پەروەردەیـی بچێتـە نێـو خەڵـک و جیهانـی منداڵانـەوە. تایبەتمەندیی ئەم فیلمە بە جۆرێکە

کاتێ سەیری دەکەین، حەز دەکەیت سات بە ساتی ژیانت بە نووسینی یادەوەرییەکانتەوە دۆکیومێنت بکەیت! فرانسین پرۆز، لە توێژینەوەیەکیدا بەناوی «یادەوەرییەکانی ئانا فرانک: ئانا، کتێب و ژیان» دەبێژێ «کتێبی یادەوەرییەکانی ئانا فرانک، یەکێکە لە مەزنترین کتێبەکان سەبارەت بە جینۆسایدکردنی جوولەکەکان لەلایەن نازییەکانەوە. کچێک، کە تەمەنی لە نێوان سێزدە بۆ چواردە ساڵاندایە، ئەم یادەوەرییانەی نووسیوە؟ لە کاتێکدا ئێمە وا ڕاهاتووین، کە بلیمەتی ئەدەبیی، پێوەستە بە تەمەنەوە. ئەمە چەند هۆشسوورمێنە، کە لاوێک بتوانێ وەها بەزرینگیی، قووڵی و ناخبزووێنییەوە سەبارەت بە بابەتێک بنووسێت، کە خەیاڵ و وێناکردنی گەورەکان پێی ناوێرێت. ئەوەی زیاتر ئەم کتێبە پڕ بایەختر و گرینگتر دەکات، ئەوەیە؛ ئەم کتێبە جەخت لەسەر یەک ساتی دیاریکراو و خەڵکی تایبەت دەکات، لە هەمان کاتدا بە زمانێک نووسراوە، کە چیرۆکەکە بۆ هەموو سەردەمێک و گەردوونیی بێت.»

کتێبی یادەوەرییەکانی ئانا فرانک زیاتر لە (٣٠) ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە و بۆ زیاتر لە (٦٠) زمان وەرگێڕدراوە. لە دوای بایبل (تەورات و ئینجیل)ەوە، بە یەکێک لەو کتێبانە دادەنرێت، کە لە جیهاندا زۆرترین خوێنەری هەیە. بە بۆچوونی من ئەمە کاریگەرییە مەزنەکەی ئانا فرانکە، وای کردووە، کە نووسینی یادەوەریی شتێکی بەهادار بێت. هەروەها دەکرێ یادوەرییەکان، وەک بەڵگەیەکی مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و کاریان لەسەر بکرێت. بەتایبەت لە دۆخێکی هەستیاری جەنگدا و لە سەردەمی یەکێک لە گەورەترین جینۆسایدەکان: هۆڵۆکۆست. کەوایە بەهای ئەو نووسین و یادەوەرییەیە، کە دەبێت بە کەرەسەی سینەما و دەتوانرێ بەبەردەوامیی کاری لەسەر بکرێت، فیلمێک بەو ئاستە هونەرییە بەرزە بەرهەم بێنێت. لەم فیلمەدا گرینگی وێناکردن، خەیاڵ و نووسین پێوەست بە سینەماوە دەردەکەوێت.

ئانا فرانک، لە ئەڵمانیا لە شاری فرانکفۆرت لە دایک و باوکێکی

جوولەکـەی ئەڵمانیـی لە ١٢ حوزەیرانـی ١٩٢٩ لەدایک بووە. ئانا، خوشکێکی لە خۆی گەورەتری هەیە. هەموو خێزانەکە لەژێر دەسەڵاتی نازییەکاندا بەهۆی جوولەکەبوونیانەوە مافی هاوڵاتیبوون لەدەست دەدەن. ئانـا، یەکێکـە لەو قوربانییانەی هۆڵۆکۆسـت، کە زۆرترین گفتوگۆی لەسـەر کراوە، ئەویش دوای بەدەسـتهێنانی ئەو ناوبانگە گەورەیـەی بەهۆی یادەوەرییەکانییـەوە پەیدای کرد. کاتێک لەگەڵ خێزانەکەی خۆیان لە نازیەکان شـاردووەتەوە، ئانا یادەوەرییەکانی خۆی دەنووسـێتەوە. بەهۆی ئـەم یادەوەرییەوەیە، کە هەموو ١٢ی حوزەیرانێک [ڕۆژی لەدایکبوونی ئانا]ی گرینگ و مانادار کردووە. لە ڕۆژی سێزدەساڵەی لەدایکبوونیدا، ئانا لەلایەن باوکییەوە دەفتەری یادەوەریـی بەدیـاری پێدەدرێ، لێرەوە ئانا دەسـت بە نووسـینی یادەوەرییەکانی دەکات. ئەو، یادەوەرییەکانی دەنووسـێتەوە؛ تێیدا قسان لەبارەی خەونەکانی دەکات، باسی هەڵچوونەکانی، خۆشیی و ناخۆشییەکانی، ئازارەکانی، خۆشاردنەوەکانیان لەدەست دەسەڵاتی نازییەکان دەکات. ئەمەش ڕێگە و ڕوانگەیەکی نوێیە بەرەو گەشتی ژیانـی، دەفتـەری یادەوەرییەکـەی ئانا دەبێتـە نزیکترین هاوڕێ و نهێنیپارێزی ئانا.

ئانـا، کچێکـی کامڵ نەبوو، هەروەها خێزانەکەشـی. لە کاتێکدا زۆربـەی ئەوانـەی لـە دەوری بوون تێـی نەدەگەیشـتن، بەڵام ئەو هەستوسـۆز و کاردانـەوەی ئاسـایی بـوو، وەک هـەر کچێـک لـە سەردەمێکی هەسـتیاری لاویەتیدا، هەندێ کاتیش خۆپەرست بوو. هەمـوو ئەمانـە زۆر هونەریانـە لە فیلمەکەدا نمایش دەکرێن، واتا هەوڵی ئەوە نەدراوە، کە کارەکتەری ئانا بە کامڵییەوە نیشانبدرێت. لەم فیلمەدا پێوەندی نزیکی باوک و کچ دەبینی، هەسـت بە چێژی لێکتێگەیشـتن و هەسـتکردن بەیەکدی دەکرێـت. کاریگەریی باوک بەسـەر کچە بچووکە بەئاگاکەی. هەروەها پێوەندی دوور و ئاڵۆزی دایـک و کـچ، لێکتێنەگەیشـتنی دایک لە کچەکـەی، دەرکنەکردنی وەک خـودی خۆی و کێشـەکانی نێوانیان، چونکـە ئانا باوکی زۆر خۆشدەویسـت و دایکی بەدڵ نەبوو. هەروەها پێوەندییەکی جوانی

خوشکانەی لەگەڵ خوشکە گەورەکەیدا هەبوو.

لـەم فیلمـەدا زۆر هونەریانـە، ئانـا وەک کچێکـی بیرکەرەوەی زرنگ و پڕ خەون نیشـاندەدرێت، کە بەتەواوی پێوەسـتە بە ژیان و هیواکانیـەوە. ئـەو، دەیەوێت ببێت بە نووسـەر، وێنەی لەسـەر ڕۆژنامـە و گۆڤارەکان بێت، یاخود ببێت بە ئەسـتێرەی فیلمەکان. دەیەوێت سەفەر بکات، زمانەکان بخوێنێت، مێژوو بخوێنێتەوە. ئانا، دەیەوێـت لە هەموو کچەکانی تـر جیاوازبێت، بەپێچەوانەی زۆربەی کچانـەوە نایەوێـت کچێکی ترادیسـیۆنی بێت. ئانا، لـە یەکێک لە وتە جوانەکانیدا دەڵێت: ‹‹هەرچەندە من تەنیا چواردە سـاڵم، زۆر بەباشـی دەزانم چیم دەوێت. دەزانم کێ ڕاسـتە و کێ هەڵەیە. من بۆچوونـی خـۆم هەیە، ئایدیا و پرنسـیپی خۆم هەیـە، هەرچەندە ڕەنگە بۆ گەورەکان زۆر شێتانە دەربکەوێت، من پتر، وەک کەسێک نەک منداڵێک هەسـت دەکەم. من بەتەواوی هەست بە سەربەخۆیی خـۆم دەکەم. من نامەوێ، وەک زۆربـەی خەڵکی لە بەتاڵیدا بژیم، دەمەوێـت بەسـوودبم و شـادیی بـۆ هەموو خەڵک بێنـم، تەنانەت بـۆ ئەوانـەی، کە هەرگیـز نەم بینیـون. دەمەوێـت تەنانەت دوای مەرگیشـم لـە ژیان بەردەوام بـم!›› ئەم ژیاندۆسـتییەی ئانا، وای کرد یادەوەرییەکی بەسـوود و جوان بنووسێت، کە دوای مەرگیشی هێشتاش هەر زیندووە. دواجار نووسینی یادەوەریی، وەک شێوازێکی پەروەردەیی بۆ منداڵان پێشنیار بکرێت. لە کاتێکدا ئەو خۆی هێشتا منـداڵ بـوو، کە ڕووبـەڕووی جەنگ و جینۆسـایدبووەوە، ناچارکرا خۆی حەشـاربدات. منداڵێکی زۆریش لە هۆلۆکۆسـتدا کوژران، کە بەنزیکەیـی یەک ملیۆنونیو منداڵ کوژراون، هەرچەندە چیرۆکی ئانا فرانـک، تەنیا یەکێکە لەوان، کـە دەتوانرێت، وەک دەنگی نەوەکان ببیسترێ و ببینرێت.

ئـەم فیلمە ٢٠٠١ لەسـەر بنەمای کتێبـی بایۆگرافی ئانا فرانک دەرهێنراوە. فیلمێکی درامی بایۆگرافییە، دوو بەشە، کاتەکەی سێ کاتژمێـر و دە خوولەکـە، لەبەر درێژیی کاتەکـەی، وەک زنجیرەی تەلەفیزۆنیـی نمایـش کـراوە. فیلمەکە باس لە سـەرەتای سـاڵی

١٩٣٩ دەکات، پێشـــەوەی نازییەکان دەسەڵات بگرنە دەست و شەڕ دەســـتپێبکات، پێشەوەی ئانا دەســـت بە نووسینی یادەوەرییەکانی بـــکات. چونکە ســـەرەتا بە خێزان، هاوڕێ، خـــەون و ژیانی ئانامان ئاشـــنا دەکات. لێڕوانەر ناتوانێت ســـات بە سات لەگەڵ دیمەنەکانی ئەم فیلمەدا نەژییێت، ئەمەش نیشـــاندانی توانای دەرهێنەر و بەهای یادەوەرییەکانی ئانا فرانکە، کە دەتوانرێ لە کۆنتێکستێکی هونەرییدا بە شێوەیەکی کاریگەر گوزارشتی لێبکرێت.

ڕۆبێـــرت (Robert Dornhelm) زۆر جـــوان کاری دەرهێنانـــی بـــۆ ئەم فیلمە کردووە. هەروەها پێویســـتە لەم فیلمەدا ئاماژەیەکی تایبـــەت بە ڕۆڵبینی ئەکتەر تایلـــۆر( Hannah Taylor-Gordon) بدرێـــت، کـــە دەوری ئانا فرانکی بینیوە، هەروەها کینســـلی (Ben Kingsley)، (ئۆتـــۆ فرانـــک) وەک باوکـــی ئانا بدرێت. ســـەرەڕای ئەوەی تەواوی ئەکتەرەکان و ســـتافی فیلمەکەش شـــایەنی ئەوەیە ئاماژەیان پێبدرێت. تایلۆر کەسیەتی ئانا فرانکی بەرجەستە کردووە، بەتەواویـــی توانیویەتـــی هەستوســـۆز و ڕووحیەتی ئانـــا بگەیەنێت، تەنانـــەت توانیویەتـــی ڕۆڵی کەسایەتیەکەیشـــی بگێڕێـــت، هەروەها لاوازییەکانیشی وەک مرۆڤێک بەرجەستە بکات.

دوای بینینـــی فیلمەکـــە ناتوانیـــت، کـــە هاوســـۆز نەبیت لەگەڵ دۆخ و یادەوەرییەکانـــی و ئـــەو زانیارییانـــەی لەبـــارەی مێژووی ئەو ســـەردەمەدا پێت دەدرێتن، کـــە دواجار کۆتاییەکـــی تراژێدییانەی هەیە. لە دیمەنەکانی ئەم فیلمەدا سنووری یادەوەرییەکان هەیە، کە زۆر ڕێکخراو و هونەریین. لێڕوانەر، لە دیمەنەکانەوە بەپەرۆشـــییەوە چاوەڕێی چارەنووسی کارەکتەرەکان دەکات. لەبەرەوەی جینۆسایدی هۆڵۆکۆســـت تێگەیشـــتنێکی قووڵترمـــان پێدەڵێـــت ســـەبارەت بە توندوتیژیی و وێرانکاریی جەنگەکانی مرۆڤ.

لە یادەوەرییەکانی ئانا فرانک لە فیلمەکەدا پەیامی گرینگ هەیە، کـــە وەک پێویســـتییەک دادەنرێت، ئەمەش زۆر بەســـادەیی ئەوەیە هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بە ئازادیی و لە ئازادییدا بژیێت. هەروەهـــا یادەوەرییەکانی ئانا ئەوەمان پێدەڵێت: تەنیا لەبەرئەوەی

لە ئایین و نەتەوەیەکی جیاوازیت، ئەمە مانای ئەوە نییە سزابدرێیت و جیـاواز مامەڵــەت لەگەڵدا بکرێت. بەو شـێوەیەی، کە نازییەکان بەرانبەر بە جوولەکەکان کردوویانە. بەهۆی ئەمەوە خێزانەکەی ئانا ناچارکران بڕۆن بۆ ئەمســتەردام، دواتر دۆخی جەنگ قووڵتربووەوە و ســزاکانی سەر جوولەکەکان قوورستر کران، ئەمەش باوکی ئانای ناچار کرد، بەدوای شـوێنێکدا بگەڕێت بۆ ئەوەی بەنهێنیی خۆیانی تێدا حەشـاربدەن، تاکـو پارێزراوبن، تا ئەوکاتــەی جەنگ کۆتایی دێت. باوکی ئانا، بە یارمەتی کۆمەڵێ هاوڕێی خۆی چەند ژوورێکی نهێنیی و شـاراوە هەڵدەبژێرن لە شوێنی کارکردنەکەیدا، بۆ ئەوەی تێیــدا بـژن، لەگــەڵ کۆمەڵێ خێزان و کەســی تردا، کــە ئەوانیش جوولەکــەن. خێزانەکەی فرانک لەگەڵ چەند خێزان و کەســی تردا، بـۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان لە پەناگەیەک لە شـوێنی کارە کۆنەکەی فرانک (باوکی ئانا) حەشـار دەدەن. بۆ ماوەی دوو ســاڵ بەنهێنیی و بەبێەوەی بڕۆنە دەرەوە، لەم حەشـارگەیەدا ژیان بەسەر دەبەن. لەم فیلمەدا کامێرا زۆر لەســەر دیمەنەکانی شوێنی خۆشاردنەوەکە دەمێنێتەوە، پێموایە مانەوەی کامێرا و فیلمەکە لەسەر ئەو دیمەنانە بەوجۆرە پێویست نییە. بەڵام ڕەنگە هۆکارەکەی ئەمە بێت، کە ئانا فرانــک یادەوەرییەکانــی خۆی لەم پەناگەیەدا نووســیوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنە بەتەواویی نیشانبدرێتن، هەروەها ئیلهامی نووسینەکانی نیشانی لێڕوانەر بدرێ و هەست بەو دۆخەی بکرێت، کە تێیدا بووە.

کاتێک هەمووان لە شوێنە نهێنییەکەدا بە ترس و گومانەوە ژیان بەسەر دەبەن، ئانا بەو هەموو سەختییەی دێتە پێشی، دڵخۆش و پڕ ئومێدە. بەردەوام بیر لەو چیرۆکانە دەکاتەوە، کە دەیان نووسێت، بیـر لە خــەون و هیواکانی دەکاتەوە، پلانی هەیــە بۆ ئەو کاتەی، کــە لەو دۆخــە ڕزگاریان دەبێت. لەنێو کەسـیەتی ئانـادا چێژێکی جوان بەدی دەکرێت، کاتێک دەنووســێ و وەسفی شتەکان دەکات. ئاخــر ئەو لــەو تەمەنە بچووکەیدا هەندێ کات ســەختبوو تێبگات، کــە دایــک و باوکی لە چ دۆخێکی قورســدان. دواتر شـوێنەکەیان ئاشـکرا دەبێــت و هەموویان ڕاپێچی کەمپــە زۆرەملێکان دەکرێن و

لەوێدا کاریان پێدەکرێت، لە دۆخێکی سەختدا دەمێننەوە، ڕۆژبەڕۆژ ژیانیان قورستر دەکرێت، تاکو دوا جار ڕاپێچی کەمپەکانی مەرگ لە ئاوشفیتس دەکرێن. لەو کاتەدا دیمەنەکانی فیلمەکە واتلێدەکاتن پرسیار لە خۆت بکەی، کە هەموو ئەمانە ڕۆژێ ڕاستیی بوون و ڕوویان داوە؟ بەڕاستی خەڵکی بەمشێوەیە مردوون و کوژراون؟ بەم جۆرە بێبەهاکراون و جێهێڵدراون تاکو لە برسییەتیی، سەرما و پیسییدا بمرن؟ هەموو ئەمانە دۆخێکی ناخەکی قورست لەلا دروست دەکاتن، چونکە ئەم فیلمە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش نییە، بەڵکو لەو فیلمە کاریگەرانەیە، کە لێوەی فێردەبیت. تەنانەت ئازارت دەدات، زۆر لە دیمەنی کەمپەکانی مەرگ بێزارکارن، هەروەها شێوە، دۆخی فیزیکیی و فۆڕمی ئانا فرانک لە کەمپەکەدا تووشی خەمۆکیی و کەئابەیەکی قووڵت دەکات. دەشێ دەرهێنەر لە ڕێگەی نیشاندانی ئەو دیمەنانەوە بیەوێت هەستوسۆزی لێڕوانەر بورووژێنێ، لەوانەیە لەو کاتەدا پێویست بەوەش بکات بۆ ڕاکێشانی لێڕوانەر بۆ ناو یادەروەرییەکانی ئانا؛ هەروەها بۆ کارکردن لەسەر هەستی لێڕوانەر بۆ ئەوەی ئەو جینۆساید و لەناوبردنە ڕێگەی پێنەدرێ جارێکی تر ڕووبداتەوە. ئانا دەڵێ: «ڕۆژێک دێت ئەم جەنگە نەگریس و بەدە کۆتایی پێدێت. کاتێک دێت دەبینەوە بە مرۆڤ، نەک تەنیا جوولەکە بین» ئەو تەواو دەرکی بەوە کردووە، کە ئەوان وەک جوولەکە لە مرۆڤبوون خراون و ڕەوایەتی بە کوشتن و لەناوبردنیان دراوە. بەڵام بەداخەوە، وەک ئێمە دەزانین تاکو ئێستاش جەنگ و جینۆساید هەر ڕوودەدات و بەردەوامە!

دوای گرتنی ئانا، خێزانەکەی و سەرجەم ئەو کەسانەی، کە خۆیان حەشاردابوو، ئانا هەموو دەسنووسی یادەوەرییەکانی بەجێدەمێنێت، بەبەرچاوی خۆیەوە، ئەفسەرەکە فڕێی دەداتە سەر زەوی. بەڵام دوای ڕۆیشتنی سەربازە نازییەکان، کە ئانا و خێزانەکەیان برد؛ ژنێک لەو ساتەدا بەهای ڕاستەقینەی یادەوەرییەکانی ئانا دەزانێت، ئاخر یادەوەرییەکان دەمێننەوە بەپێچەوانەی کەسەکانەوە. ئەو ژنە هاوڕێی ئانا و باوکییەتی ناوی (Miep Gies)ـە، کە هەر ئەو

خـۆی یارمەتیدەریشـیان بوو بۆ ئەوەی لـەو پەناگەیەدا بمێننەوە. ژنەکـە دەستنووسـی یادەوەرییەکانی ئانا لـەلای خۆی دەپارێزێت، بـۆ ئەوەی، کە ئانا گەڕایەوە بـۆی بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئانا هەرگیز ناگەڕێتەوە. کاتێک باوکی ئانا ڕزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە، ئەم ژنە دەستنووسـی یادەوەرییەکانی ئانا دەدات بە باوکی ئانا. هەرچەندە ئانـا خـۆی ڕزگاری نەبوو، بـەڵام یادەوەرییەکانـی دەمێننەوە، بە هۆی پاراسـتنی یادەوەرییەکانی ئاناوە، ئەم خانمە چەندین خەڵاتی وەرگرتووە. هەروەها خۆیشـی کتێبێک لەبارەی یادەوەرییەکانی ئانا دەنووسێت.

## سەرچاوەکان:


١- Caldwell, David(2010) Reflections on Holocaust and Holocaust, Rocky Mountain Review. Vol. 64, No. 1, pp 11-16.

٢- http://forreadingaddicts.co.uk/authors/10-anne-frank-quotes-fill-hope/19225

٣- https://www.youtube.com/watchv=c25oZQrnXwc